# شەماڵ سائیب
# یەکەم کلیپسازی کورد



بەختیار سەعید

لەو دەمەی گوێکانم بە دەنگی گۆرانی کوردی ئاشنابوو، لەو دەمەی چاوەکانم حەزیان بە ئاوێتە بوونی ئەو دیمەنانە دەکرد کە هونەرمەندێکی کورد خوڵقێنەرو بزوێنەری بووە، ئەو دەمانە هەموو لە بوونیادی بەرهەمە ئاوازەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو (شەماڵ سائیب)دا خۆی دەبینییەوە.

سائیب، جگە لەوەی بەدەنگە پڕ عەشقەکەی جیهانێکی پڕ لە ئەوینی بۆ ئەویندارانی نەتەوەکەی خوڵقاند بوو، موزیکژەنێکی دەستڕەنگینیش بووە، لە هەمانکاتدا بە نمایشکردنی گۆرانییەکانی بەو شێوە نوێیەی کە نەك بە تەنها گۆرانی کوردی، بەڵکو گۆرانی عەرەبیش بەو شێوازە نامۆ بوو.

من لەو بڕوایەدام ئەو گۆرانییانەی هونەرمەند شۆڕشێك بووە لەناو شۆڕشەکانی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیداو جێگەی خۆشییەتی کە هونەرمەند بە یەکەم کلیپسازی کورد ناو ببرێت.

(شەماڵ جەلال سائیب)ی نوێکەرەوەی هونەری گۆرانی کوردی ساڵی ١٩٣١ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەدوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی چۆتە کۆلێژی مەلیك فەیسەڵ لە بەغدا کە قوتابخانەیەکی دوا ناوەندی بووە بە زمانی ئینگلیزی وانەی تێدا خوێندراوەو تەنها قوتابییە یەکەمەکانی عێراقی وەرگرتووە.

هونەرمەند لەدوای تەواوکردنی خوێندن لەساڵی ١٩٤١ دەچێتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداو بەیەکەمین خوێندکاری کورد دەژمێردرێت کە لەو پەیمانگەیە وەرگیرابێت، دواتر لەساڵی ١٩٥١ لەکۆلیژی ئاداب بەشی مێژوو لەزانکۆی بەغدا وەرگیراوەو لەساڵی ١٩٥٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەهەمان بەش وەرگرتووە ساڵی ١٩٥٩ بۆتە مامۆستای بابەتی رۆشنبیری موزیك لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لەهەمانکاتیشدا لە بەشی کوردی رادیۆی عێراق ژمارەیەك گۆرانی تۆمار کردووە لەوانە (شوانە هۆ شوانە، بەردە بەردە، هاتی بۆ هاتی، هاتم هاتم).

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ بەمەبەستی خوێندنی باڵا دەچێتە ئەمریکاو لە ساڵی ١٩٦٨ دا بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەب لەزانکۆی (ئەندیانا)ی ئەمریکی وەرگرتووە و ساڵی ١٩٧١ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی بۆتە مامۆستای یاریدەدەر لەکۆلێجی ئاداب و هەر لەو ماوەیەدا چەند گۆرانییەکی بەشێوەی سینەمایی بۆ تەلەفزیۆن وێنەگرتووە دوای گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری هەولێر، ئەمیش گوازراوەتەوە.

شەماڵ سائیب، لە سەردەمی منداڵییەوە فێری عود ژەنین بووەو لەسەرەتای ژیانی هونەریدا لاسایی موزیکزان و گۆرانیبێژی میسری (فەرید ئەترەش)ی کردۆتەوەو لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بۆتە خاوەنی هونەرو دەنگی تایبەتی خۆی و ئاوازی نوێی بۆ گەلێك گۆرانی تازە داناوەو گۆتوونی و سوودێکی زۆری لە شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە.

ناوبراو لەدوای ساڵی ١٩٥٦ وەك دەنگێکی نوێ و هونەرمەندێکی نوێکار هاتۆتە گۆرەپانی ئاوازو گۆرانی کوردی و گەلێك گۆرانی کوردی وەك (شوانە هۆ شوانە، بەردە بەردە، هاتی بۆ هاتی، هاتم هاتم، هەرە لەیلێ، جوان ئێمە جوانین، زولێخا)ی داناوەو سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوەو پێش نۆزدە ساڵ لەمەوبەر و لەرۆژی ١٩٨٦/١١/٧ دا بۆ دواجار چاوەکانی لێکنا و ماڵئاوایی لە ژیان و دنیای هونەر کرد.